هەڵوەشاندنەوەی نەخشەکان

ئیتر چی لەو پردانەی سەر رووبارە خوێناوییەکان بکەین ..؟

تازە تەواو .. بەسەرچوو ئەو رۆژانەی ..

رۆحەکان وەك گاشەبەرد بەریەکدی دەکەوتن

چ پزیشکێکیان لێ دەکەوتەوە

من سکم بەو پەیکەری شەهیدانە دەسووتێ..

کە بە رۆژ کۆترە شینکە ریقنەیان بەسەردا دەکەن

قنجان و برینی سەدەها گوللەی وێڵیش وا بە تەختی تەوێڵیانەوە

چ ئەستەمە دووبارە و سێبارە شەهید دەبنەوە

بەو ئەندازیارانەش بڵێن ..

کە تا هەنووکە دیواری قوتابخانەو بەندیخانە وەکیەك هەڵدەچنن...!

با خانووەکانی لەمەودوامان بێ پەنجەرە و دەرگابن

چی لە پەنجەرەکان بکەین کە لەبری سروەی شەماڵا

شریخەی قامچی و شەقژنی گوللەمان بۆ بێنن؟

هەر هەموو پەنجەرەکان

بەسەر وێرانە و کەلاوەی رۆح و کوشتاری خێڵەکان دەڕوانن

بۆچیمانە دەرگاکان

کە بە نوێژی نیوەڕۆ دوژمنەکانمان خۆبکوتنە بنەبانێ؟

ئەو شۆستانەش بەرنەوە ماڵی ئەوانەی چەوڕێژیان کردن

ئەوێ نەبووایە ..

پیاوە بێئیشەکان .. جحێڵە سەرەڕۆکان کوێیان هەبوو

لێی بوەستن

تا نائومێدانە لە پاوپووزی ژنان وردبنەوە و

شەڕیش بە خوشکە شەرمن و نەباڵقەکانمان بفرۆشن

هەموو نەخشەکان لوول کەن .. نەخشەی دڵە چوارلەتەکان

گوندە غەمگین .. تێك دراوەکان

شاری سیخناخ .. بە پەیکەر .. بە وێنەی شەهیدەکان

نەخشەی وڵاتێك .. خەوتوو .. ماندوو ..

مردوو لە مۆزەخانەی بیانییەکان ..

خەمی پەژموورده .. حەکایەتی وەحشیەتگەریم

لە سەفەرنامە و دەفتەری یاداشتی گەڕیدەکان

مردم ئەوەندەی لە ڕاڕەوی کتێبخانە ساردەکانا بگەڕێم

تەپ و تۆزی سەرنەخشە جێماوەکانی نێو چەکمەجە و ..

سەر ڕەفەکان بتەکێنم و هەڵیانمژم

جگە لە مەرگی گەڕیدەکانی ساڵانی زوو چیم پێ دەڵێن

چ زوو لاپەڕە زەردەکانی بە دەستمەوە هەڵدەوەرێن

شار و گوند و ڕووبار و چیاکانی دەکەونە بەرپێم

من هەنووکە بڕوام هێنا

سنوورە دەستکردەکان کەس لەوێ ڕەسمی نەکردوون

بێ هوودەش نییە دڵەکان 00 دڵی من 00 دڵی تۆ 00 دڵی ئەو 00

چوارلەتن 00!

پتر لە قووتابییەکی تەمبەڵا لاستیکی خەت کوژێنەوە

دەعەمەل دێنم

گوایە سنوورە سوور .. دەستکردەکان بسڕمەوە

بە قەڵەمێکی شین ئاوەڕۆی رووبارەکان بەردەمەوە

بیانخەمەوە سەر دێراوی دڵە وشك هەڵاتووەکان

بە گوێزانێکی کول .. کولتر لە قەدەری نەتەوەکەم

ناوە عەرەبی و تورکی و فارسی گوندە خاپوورەکانم دەکڕێنم

ئەو گوندانەی بە فوویەك نەمان و چوونەوە ئاسمان

من درەنگ زانیم

رووبارەکانی فرمێسکی هەمیشە رژاوی بێوەژنەکان بوون

جۆگەلەی سووریشی خوێنی ئەو کوڕە کاکۆڵا زەردانەی

دوا فەسڵی جەنگیان بینی و لە فەسڵەی یەکەمی عیشقدا مردن

وای لە سەفەری بێ سەر و بەری ئێمە

چ سەفەرێکی بێ سەرەتا و بێ کۆتابوو

کۆچی سوور .. بێ گەڕانەوە .. ئەبەدی بوو

ئیتر بۆچیمانە نەخشەی شار و دێ

وەختێ دۆزەخ دوا مەنزڵگا و دوا قۆناغ بێ ..